# ناڕەزاینامەی ڕێکخراوەکانی پرسی جینۆساید سەبارەت بە ڕێکخستنی کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی تایبەت بە جینۆساید

**بۆ : بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**بەرێز سەرۆکایەتی پارلەمانی کوردستان**

**بەرێز سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان**

ئێمە ئەم ڕێکخراوو کەسایەتیانەی کە لە خوارەوە ناومان هاتووە نیگەرانین لە ئالیەتی ڕێکخستنی ئەو کۆنفرانسانەی سەبارەت بە پرسی جینۆساید بە پشتیوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ناوخۆو دەرەوە ڕێکدەخرێن (( نموونەیان کۆنفرانسی نەرویج لە بەرواری ٦-٦-٢٠١١)), هەروەها هەڵبژاردنی ئەو شاندانەی پشکداری تێدا دەکەن , پێمان وایە نا عەدالەتی لە دیاریکردنیاندا پێوە دیارەو هیچ گرنگییەك بە ڕێکخراوەکانی تایبەتمەند و کەسایەتییەکانی چالاك و کەسوکاری قوربانیان و لیژنەکانی تایبەتمەند بە داکۆکی لە کەیسی قوربانیان نادرێت .ئەمەش وایکردووە ئەو کۆنفرانسانە کە بەسەروەت و سامانی گەل ڕێك دەخرێت هیچ ئاکامێکیان نەبێت و گەل بە هەدەردانی سامانی گشتی ناوزەدیان بکات .

ئێمە داواکارین لە داهاتوودا بەبێ ئاگاداری ئەو لایەنانەی ئاماژەمان پێیان دا هیچ کۆنگرەو کۆنفرانسێك ڕێك نەخرێت و پەیوەندییە کەسییەکان لە ڕێکخستنی ئەو کۆنفرانسانە نەمێنێت لە دیاریکردنی شاندەکانی بەشدار بووش ڕەچاوی ئەزموون و پسپۆڕی و هەڵسوڕان و قوربانیان بکرێت .

١- ڕێکخراوی ئەنفالەکانی کوردستان

٢- چاودێری کوردۆساید-چاك (نووسینگەی باشوور))

٣- عەلی مەحموود محەمەد

٤- سەنتەری ئەنفال لە دهۆك

٥- ڕێکخراوی ڤەژین لە بارزان

٦- کۆمەڵەی داکۆکیکار لە مافی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالکراوەکانی گەرمیان

٧- ڕێکخراوی کۆژان بۆ داکۆکیکردن لە پرسی ئەنفال- کۆیە

٨- کۆمەڵەی زیندانکراوەکانی ئەنفالەکانی کوردستان

٩- کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە

١٠- لەتیف فاتیح فەرەج نووسەر و چالاکڤانی بواری ئەنفال

١١- ساباتی قوربانیانی ئەنفال-کەرکووك

١٢- ڕێکخراوی کیمیاباران و ئەنفالکراوەکانی بالیسان و دەوروبەری

١٣-	ناوەندی رێگا بۆ پرسی ئەنفال و کیمیاباران- دۆڵی جافایەتی

١٤-	شێخ سدیق  نووسەر و چالاکڤان لە بواری ئەنفال

١٥-	رێکخراوی ژیان بۆ ژنانی ئەنفال-کەرکووك